**ئاسمانی بێ ئەستێرە**



**دەریا ڕەواندزی**

خەوێکی قوڵی
بێ خەونە
گۆرانیەکی حەزینی
بێ مۆسقایە
گوڵێکی سوری
بێ بۆنە
روخسارێکی گەشی
بێ بزەیە
دەریایەکی فراوانی
بێ شەپۆلە
منم پڕ لەعیشقی تۆ
بەبێ تۆیی
خۆشم دەوێی
لەبەیانی تا ئێوارە
خۆزگە دەخوازم
ئەشکی چاوەکانت بام
لەچاوەکانت...
لەدایك بومایە
لێوی جوانتم
تەڕ کردبوایە
لەنێو جەستەی جوانت
کۆتایم پێ هاتبوایە
بەڵام گەر تۆ...
دلۆپێك ئەشکی من بی

هەرگیز ناگریم
ئاخر نامەوێ
تۆ لەدەست بدەم و
لەناخم بێیتە دەر
هەر لەرۆح و هەناسەو دڵ و چاوما بە
ئەی ئەستێرەی بەختم
خۆشم دەوێی.!

کەنەدا/ ئەلبێرتا
دەریا رەواندزی